National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

راپۆرتێک لەبارەی:

# حکومەتی خۆجێی گەرمیان و مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکان (کۆرۆنا بە نمونە)

## هەڵسەنگاندنی بڕیارە ئیدارییەکان

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

1/5/2020

| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
| --- | --- |
| | بەشی یەکەم: ڕاپۆرت |
| 2 | دەستپێک |
| 2 | لێکەوتەی بڕیارەکان |
| 9 | تێبینیەکان لەسەر بڕیارەکانی ڕوبەڕوبونەوەی کۆرۆنا لەگەرمیان |
| 11 | هەڵسەنگاندنی ئاستی لیژنەی باڵای ڕوبەڕوبونەوەی کۆرۆنا لە گەرمیان |
| 18 | چۆنیەتی ئیدارەدانی قەدەغەی هاتوچۆ |
| 20 | وەڵامی لیژنەی باڵای ڕوبەڕوبونەی کۆرۆنا لە گەرمیان |
| | بەشی دوەم |
| 24 | دەرەنجام و ڕاسپاردەکان |
| | بەشی سێیەم |
| 28 | ناساندن |

## بەشی یەکەم: راپۆرت

### 1. دەستپێک:

بۆ روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کوردستان چەندین رێکاری جیاواز گیرانە بەر، لە ئیدارەی گەرمیانیش بە بڕیاری ئەنجومەنی باڵای روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، لیژنەیەکی باڵا پێکهێنرا.

بڕیارەکان بە قسەی شارەزایان تاڕادەیەک باش بوە، بەڵام خاڵییش نەبون لە هەڵە و خاڵی لاواز کە دەتوانرێت ئەزمون بکرێت بۆ داهاتو، هاوڵاتیانیش دەڵێن رێکارەکان سەرەتا باش بون، بەڵام بەبێ ئەوەی پێویست بێت ماوەی کەرەنتینەی ماڵەوە درێژ دەکرایەوە.

لەم راپۆرتەدا بە وردی باس لە خاڵە بەهێز و لاوازەکان دەکەین، بەدواداچونیش بۆ ئەوە دەکەین کە دەکرێت چی بکرێت بۆ داهاتو؟ چ کەلێنێک دەرکەوت بە هۆی کۆرۆناوە؟ چی جێهێشت بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت؟

### 2. لێکەوتەی بڕیارەکان

**یەکەم: کشوکاڵی گەرمیان و لێکەوتەکانی بەهۆی روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا**

**ا) نیگەرانی جوتیاران**

هەندێک لە جوتیاران باس لەوەدەکەن بەهۆی ئەوەی رێگریان لێدەکرا بچنەوە سەر زەویە کشتوکاڵیەکانیان، زیانیان بەرکەوتوە.

ئاکۆ عومەر محەمەد، جوتیار لە شاری کەلار، وتی: "بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆوە زیانی زۆرم بەرکەوت، چونکە نەمدەتوانی سەردانی کێڵگەکەم بکەم، ناچاربوم رۆژانە بە قاچاخ بچم، لە کاتێکدا سەوزەم هەبو لە خانوی پلاستیکی دا بو و پێویست بو بە بەردەوامی سەردان بکەم".

لەکاتی بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆدا، سەرەتا بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵ دەوامی فەرمی نەبو، هەربۆیە جوتیاران روبەڕوی ئاستەنگ بونەوە، بەڵام دواتر بە بڕیارێک دەستیان بە دەوام کردەوە و مۆڵەتی رێگەپێدانیان بۆ خاوەن باخ و کێڵگە و هەنگەوان و جوتیاران دەرکرد.

دانا کامەران، جوتیار لە شاری کەلار، ئاماژە بەوەدەکات: "ئێمە باخمان هەبو و بەرهەمەکانمان دارە بەرییەکان بو، پێویستە ڕۆژانە سەردانی بکەین، بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆ گرفتمان بۆ دروست بو، مۆڵەتیشیان بۆ نەدەکردین لەلایەن قایمقامیەتەوە، ئەو بڕیارانەی کە دەردەکرا زیانی پێگەیاندین لە سەرەتاوە".

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هاوڵاتیە باسی لەوەکرد پەلەوەریان لە کێڵگەکانیان هەبوە، کە ئەوانیش مەترسیەکی زۆریان لەسەر دروست بوبو.

## ب) کشتوکاڵی گەرمیان: زیانەکان لەکاتی چنینەوەی بەروبوم دەردەکەون

بەوتەی پسپۆڕانی کشتوکاڵیی، زیانەکان ئەگەر بە ئەندازەیەکی زۆر بێت، ئەوا لە وەرزی چنینەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیە هاوینەییەکان جوتیاران توشی زەرەرێکی مادی زۆر دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەم بارودۆخەی کە هەیە، ئەو بەرهەمانە لە وڵاتانی دیکەشەوە بە ئاسانی نایەنە هەرێم.

ئیسماعیل محەمەد، بەرپرسی بەشی خزمەتگوزاری و باخداری لە کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: زیانەکانی جوتیاران بەگشتی لەکاتی چنینەوەی بەرهەمەکانیان دەردەکەوێت ئەگەر توشی زیان بوبون بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆوە، بەڵام ئێمە هەرزو توانیمان ڕێگەپێدانیان بۆ وەرگرین بۆ ئەوەی توشی کەمترین زیان ببن.

جەختیشی کردوە: ئەوان بەدواداچونیان کردوە تاوەکو ئێستا زیانەکان دیارنین "هیچ جوتیارێک و خاوەن کێڵگەیەک یان هەنگەوانێک بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی پێوە نەکردوین".

لە گەرمیان ٢٤٩ باخ مۆڵەتی هەیە کە بەرهەمی جۆراوجۆر لە سەوزە و میوە بەرهەمدەهێنن.

"قەدەغەی هاتوچۆ کەوتبوە کاتێک کە وەرزی چنینەوەی بەرهەمەکان بو، بەشی زۆری ئەو کێڵگە و باخانە کاتی دەرمانکردنیان بو، بەروبومەکان گوڵیان کردبو، نزیکەی دە ڕۆژی ویست تاوکو ڕێگەپێدانیان بۆ کرا، ئەمەش ئەنجامەکەی نەرێنی دەبێت بۆ بەروبومی کێڵەگە و سەوزە و میوە". نوری مەجید، ئەندازیاری کشتوکاڵیی لە کشتوکاڵی گەرمیان، وای وت.

## ت) کۆرۆنا گرفتەکانی جوتیارانی هەڵدایەوە

نوری مەجید، ئەندازیاری کشتوکاڵیی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: جوتیاران پابەند نین بە یاساوە، بەهۆی نەبونی سەندیکایەکی کارا یان دەستەیەک بۆنمونە لە سلێمانی دەستەی هەنگەوانان هەیە کە نوێنەرایەتی هەنگەوانانی ئەو پارێزگایە دەکات، بەڵام لە گەرمیان ئەمە نیە، هەربۆیە پەیوەندیەکی زۆر لاواز لەنێوان جوتیاران و کشتوکاڵی گەرمیان دا هەیە بەوەی نوێنەریان نیە داواکاریەکانیان بگەیەنێت.

هاوکات (ئیسماعیل محەمەد)، کەماوەی ١٨ ساڵە لە کشتوکاڵی گەرمیان کاردەکات، دەڵێت: "یەکێتی جوتیارانی کوردستان لێرە لقەکەیان زۆر لاوازە، نە پێش کۆرۆنا و نە لەکاتی توشبونی جوتیاران بەو بارودۆخە، بەقسە نەهات".

لەکاتێکدا دەبوایە یەکێتی جوتیارانی کوردستان باجی تایبەتی بە جوتیاران دروست بکردایە بۆ ئەوەی لەکاتی دورستبونی بارودۆخێکی هاوشێوە جوتیاران بتوانن بە ئاسانی هاتوچۆ بکەن، چونکە بۆ رێگەپێدانەکانیان چەندین رۆژ دواکەوتن بەهۆی ئەوەی بە ریزبەندی رێگە پێدانیان بۆ دەکرا.

باجی رێگەپێدانی یەکێتی جوتیاران باوەڕپێکراو نەبوە لەلایەن لیژنەی باڵای روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گەرمیان.

ئیسماعیل محەمەد، وتی: باجەکەی یەکێتی جوتیاران هیچ سودی نەبو، ئێمە باجمان هەبو کەچی وتیان نابێت، ئەبێت فۆرمی رێگەپێدانی ئیدارەی گەرمیانتان هەبێت بۆ هاتوچۆ.

**پ) زۆرترین زیانی قەدەغەی هاتوچۆ بەر کێڵگەی پەلەوەر کەوتوە**

بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان ئاماژە بەوەدەکات سەرەتا زۆربەی جوتیارەکان روبەڕوی کێشە بونەوە لە کاتی قەدەغەی هاتوچۆدا، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا کێشەکەیان چارەسەر کرا.

شادیە حسێن، وتی: سەردانی لیژنەی بەرەنگاربونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنامان کرد لە ئاستی پارێزگاکان، بەوهۆیەشەوە گرفتەکە کەم بویەوە و پشتگیریمان بۆ جوتیاران و خاوەن کێڵگەکان کرد.

ئەو کەسانەی کاری کشتوکاڵی کێڵگەیی و هەنگەوانی دەکەن، ماوەی ١٠ رۆژ نەیانتوانی سەردانی کێڵگە و باخەکانیان بکەن، دواتر بە پێی ئەو رێگەپێدانەی بۆیان کرا دەیانتوانی سەردانی کێڵگە و خانوی پلاستیکی و باخەکانیان بکەن، هاوکات لەگەرمیان زیاتر لە ١٠٠٠ جوتیار پشتگیری بۆکرا.

شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، لەبارەی زیانەکانەوە وتی: "لە کۆی هەمو پرۆژە کشتوکاڵیەکان کەرتی پەلەوەر زیانی زۆری بەرکەوت کە نزیکەی ٣٥ بۆ ٤٠ کێڵگەی پەلەوەرمان ئامادەبون بۆ هێنانە بازاڕی بەرهەمەکانیان، بەڵام بە هۆی ئەو قەدەغەیەوە ساخ نەدەبویە".

**دوەم: تەندروستی و بێبەشبونی هاوڵاتیان لە خزمەتگوزارییەکان**

**ا) نەبونی سۆنار و گرفتی ژنانی دوگیان**

لەگەرمیان هاوڵاتیان لەکاتی قەدەغەی هاتوچۆ بە هۆی کۆرۆناوە، بەگشتی نیگەران بون لە نەبونی هیچ پشکنینێکی سۆنار، ئەم حاڵەتە کاریگەریی لەسەر ژنانی دوگتان زیاتر بوە، بەشێوەیەک هاوڵاتیەکی کەلار باس لەوەدەکات هاوژینەکەی بەهۆی نەبونی سۆنار و نەبینینی لەلایەن پزیشکەوە، مناڵە سێ مانگییەکەی سکی لەبارچوە.

سەردار سەرتیپ، هاوسەری ئەو خاتونەی کە مناڵەکەیان گیانی لەدەست داوە، بەمشێوەیە باسی لە روداوەکە کرد: "هاوژینەکەم دوگیان بو، توشی نەزیف بون بو، بەپەلە بردمە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، بەڵام پزیشک نەیبینی، پێیان وتین نەخۆشی چ دکتۆرێکە؟ هاژینەکەم وتی: نەخۆشی هیچ دکتۆرێک نیم، بۆیە پێیانوت ناتوانین هیچت بۆ بکەین، تەنها دو پارچە حەپیان پێدا، بەهۆی ئەوەی رونکردنەیان پێنەدا حەپەکان مناڵەکی کوشت".

وتیشی: دواتر کە کەوتینە ئەو حاڵەتەوە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان ئاگەدار کرایەوە و بە نامە پێی وتین بیبەنە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، لەوێ گاڵتەیان پێکردین و بۆیان نەکردین، بۆیە چومە نەخۆشخانەی لایفی تایبەت، پزیشکی ژنانی ئەوێ وەرەقەی بۆکردین بۆ نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب کە حاڵەتەکەمان زەرورە، کەچی هەر بۆیان نەکردن بە ناچاری بردمە خانەقین.

لەو بارەیەوە (گۆران محەمەد)، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و مناڵبون لە کەلار، جەختی کردەوە کە نەخۆشیان بینیوە لە نەخۆشخانەکەیان: "رۆژانە پزیشکی نیشتەجێ نەخۆشی دەبینی، تاقیگەکەمان کراوە بو، سۆنار بۆ حاڵەتی گەرم، هەبو رۆژانە نەشتەرگەری دەکرا، بەتەنها لە مانگی ئازاردا ٣٤٠ مناڵ لە نەخۆشخانەکە لەدایکبوە.

لەبارەی ئەو نەخۆشەی کە توشی نەزیف بون بوە و سۆناری بۆ نەکراوە، ئاماژەی بەوەکرد ئەوە ئەگەر پسوڵەی نەخۆشخانەی ئەهلی پێبێت دەبێت بچێت لە ئەهلی سۆنار بکات، تەنها بۆ حاڵەتی گەرم و پێویست سۆنار کراوە بوە و ئەوەش بڕیاری گشتی بوە.

له بارەی ئەوەی ئایا سکاڵای تۆمارکردوە لە تەندروستی، سەردار سەرتیپ، وتی: "سکاڵام نەکرد، چونکە ئەگەر خۆیان هۆکاری ئەمە بن چۆن گوێ لەمن ئەگرن؟"

ژنانی دیکەی دوگیان لە ماوەی کەرەنتینە لە گەرمیان گرفتی نەبونی سۆناریان زۆر بۆ هاتۆتە پێش، وەکخۆیان دەڵێن نازانن کۆرپەکانیان سەلامەتن یاخود نا.

شانۆ مەجید، هاوڵاتی لە شاری کەلار دەڵێت: "دوگیانم زۆر پێویستیم بە سۆنەرە کە بزانم مناڵەکەم باشە یاخود نا، چونکە بۆ ماوەی زیاتر لە دو مانگە نازانم چۆنە". ئەم وتانەی (شانۆ) پێش ئەوە بو کە رێگە بە کردنەوەی عیادەکان و لەنێویشی دا عیادەی سۆنار بدرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد سەردانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبی تایبەت بە ژنان و مناڵ بونی کردوە، بەڵام سۆنەری بۆ نەکراوە.

لایخۆشیەوە (د. لاوان ئەحمەد)، بەڕێوبەری سەنتەری تیشک لە کەلار و پزیشکی سۆنار، لە بەرواری (2020/4/5) بە رادیۆی دەنگی وتوە: هەمو ئەو بەشانەی داخراون بە بڕیاری وەزارەت بوە، لەچوارچێوەی رێکارەکانی کۆرۆنا.

لەبارەی ئەوەی هاوڵاتیان چی بکەن لەکاتێکدا پێویستیان بە سۆنار هەبێت، ئاماژەی بەوەکرد کە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار و نەخۆشخانەی شەهیدی شێرەی نەقیب بۆ ژنان و مناڵبون سۆنار هەیە بۆ حاڵەتە پێویست و فریاگوزارییەکان.

ئیلهام خالد، یەکێکی ترە لەو ژنانەی بەهۆی نەبونی سۆنارەوە کێشەی بۆ دروست بوە. ئاماژەی بەوەکرد: "بۆ ماوەی چەند ساڵە چاوەڕوانی ئەوەم مناڵێکم ببێت، لە کۆتایدا دوگیان بوم، کەچی بەهۆی نەبونی تۆرینگەکان و سۆنەر خەریک بو مناڵەکەم لەدەست بدەم، ئەگەرچی تائێستاش نازانم ماوە یاخود نا، چونکە لە هیچ شوێنێکی کەلار سۆنەر نەبو بیکەم".

**ب) داخستنی سەنتەری ددان و نەبونی بەشی فریاکەوتن بۆ ئەو حاڵەتە**

نەخۆشخانی ددان ئازاری زۆریان چەشتوە بەهۆی نەبونی هیچ ناوەندێکی تەندروستی بۆ ئەوەی سەردانی بکەن، بەوهۆیەی هەمو سەنتەر و هۆبە و بەشەکانی ددان لە ناوەندە حکومیەکان داخران و لە کەرتی تایبەتیش بەهەمانشێوە رێگەی کردنەوەیان پێنەدرابو.

ئالا جەلال، نەخۆشێکی ددانە و ئازارێکی زۆری چەشتوە بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە، دەڵێت: تەنانەت لە نەخۆشخانەی فریاکەوتینیش کە سەردانم کرد، پزیشکی ددانی لێنەبو.

بەهۆی رێکارەکانی رێگری لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، نەخۆشخانە حکومیەکان تەنها حاڵەتی نەخۆشیە بەپەلە و فریاگوزاریەکانیان دەبینی، بەڵام لەنێوی دا نەخۆشیەکانی ددان نەبوە.

ئەم حاڵەتە بەردەوام بو تاوەکو بەرواری ٧ نیسان کە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەو رۆژە بە فەرمی رایگەیاند: "لە ٨ی نیسانەوە بەشی فریاکەوتنی ددان لە نەخۆشخانەکەمان کراوەتەوە بۆ حاڵەتە گەرمەکان".

**سێیەم: هێزە ئەمنیەکان و رای هاوڵاتیان لە بارەیانەوە**

**ا) پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە**

لەکاتی کەرەنتینەکردنی هاوڵاتیان لە ماڵەوە و بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ، هەندێکجار هاوڵاتیان پابەندی بڕیارەکان نەدەبون، لەبەرامبەریشدا هێزە ئەمنیەکان توندوتیژییان لە دژیان بەکارهێناوە.

عادل عەلی، مامۆستایەکی دانیشتوی قەزای کەلارە، باسی لەو توندوتیژیەکرد کە بەرامبەری کراوە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە: "ئێوارانێک لەگەڵ هاورێیەک رۆشتین بۆ کرینی نان لە نانەواخانەیەک لە نزیکی ماڵی خۆمان لە کاتی قەدەغەی هاتوچۆ، بەڵام لەلایەن هێزەئەمنیەکانەوە کە پۆلیسی ١٠٤ بو روبەڕوبوینەوە، پێیان وتین نابێت بڕۆنە دەرەوە و بگەڕێنەوە، لە کاتێکدا وتمان بۆ کرینی نان دەڕۆین، دوابەدوای ئەوە بەریەککەوتن دروست بو و هێرشیان کردە سەر هەردوکمان و سوکایەتی زۆریان پێکردین و لێشیان داین و بردینیانە بنکەی پۆلیس".

وتیشی: کە چوینە بنکەی پۆلیس بۆمان رونکردنەوە کە هۆکاری هاتنە دەرەوەمان لە ماڵ چی بوە، بەرپرسانی پۆلیس پۆزشیان هێنایەوە و تەنانەت پێش ئەوەی سکاڵا بکەین خۆیان سزای ئەو پۆلیسانەیان دابو، لەگەڵ ئەوەش هەر سکاڵام کردوە و چاوەڕوانی دەوامین.

**ب) هاوڵاتیەک: هێزە ئەمنیەکان بە رێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین**

لەبەرامبەر بونی حاڵەتی مامەڵەی نەشیاو لەلایەن هێزە ئەمینەکانەوە، چەند هاوڵاتیەک پەسنی مامەڵەی ئەو هێزانە دەدەن.

سەردار رەئوف، دانیشتوای قەزای کەلار، دەڵێت: مامەڵەی هێزە ئەمنیەکان لەسەر شەقامەکان کاتێک دەچوینە دەرەوە بۆ شت کڕین و پێداویستی، زۆر باش بوە.

دەشڵێت: "لە تەواوی ئەو ماوەیەی قەدەغەی هاتوچۆ، هیچ بەریەککەوتنێک روی نەداوە لە نێوانمان".

دانیشتوانی گەرمیان باس لە مامەڵەی هێزەئەمنیەکان لە بازگەکانی تایبەت بە هاتوچۆی ئۆتۆمبێل دەکەن و دەڵێن مامەڵە کردنیان باش بوە.

عەلی کەریم، دانیشتوی کەلار، دەڵێت: چەند جارێک بە بازگەکان تێپەڕیوم، زۆر بە رێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردوین.



.

دیمەنێک لە هێزە ئەمنیەکانی گەرمیان لە بازگە کاتیەکانی ناو شاری کەلار

شادان نەجم، کە بۆ دەرچون ئۆتۆمبێلی بەکارهێناوە، قسەی لەبارەی مامەڵەی هێزەکان کرد و وتی: "زۆر باشبون لە گەڵمان، تەنها رێنمایان کردین بگەڕێینەوە و دوبارە ئۆتۆمبێل بەکارنەهێنین بە بێ رێگەپێدان".

### ت) پۆلیسی گەرمیان: هێزەکانمان پابەندی تەوای بڕیارەکان بون و لە یاسا دەرنەچون

عەلی جەمال قەدوری، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، لەبارەی مامەڵەی هێزەکانیانەوە وتی: "راستە بەشێک لە هاوڵاتیان نیگەران بون و سکاڵای زارەکیان هەبوە لە ئەو بازگە کاتیانەی کە دانرابون لەگەرمیان".

ئاماژەبەوەش دەکات: ئەوەی کە کرابو هەمو هێزە ئەمنیەکان پابەندی ڕێنماییەکانی لیژنەی باڵای ڕوبەڕوبونەی کۆرۆنا بون، شتێکیان نەکردوە لە چوارچێوەی یاسا دەرچوبێت، هەمو هاوڵاتیەکیش دەتوانێت لە کاتی بونی پێشێلکاری سکاڵا تۆماربکات.

**پ) نوسینگەی مافی مرۆڤ: سکاڵای پێشێلکاریمان لەلا تۆمار نەکراوە**

بەوەتەی بەڕێوبەری مافی مرۆڤی گەرمیان، لەماوەی کەرەنتینەکردن و بڕیارەکانی قەدەغەی هاتوچۆ و دانانی بازگە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە، هیچ پێشێلکاریەکی دژ بە مافی مرۆڤ تۆمار نەکراوە.

حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: لەماوەی کەرەنتیەی گەرمیان هیچ سکاڵایەک لای ئێمە تۆمار نەکراوە کە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ بێت بەهۆی ڕێکار و مامەڵەی هێزە ئەمنیەکانەوە.

باس لەوەش دەکات بە بەردەوامی چاودێری دۆخەکەیان کردوە بە سەردانی مەیدانی و چاودێری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆ زانینی گلەیی هاوڵاتیان لەوبارەوە.

## 3. تێبینیەکان لەسەر بڕیارەکانی ڕوبەڕوبونەوەی کۆرۆنا لەگەرمیان

### یەکەم: پسپۆڕێکی کارگێڕی: ڕونکردنەوەی پێشوەختە بۆ بڕیارەکانی نەبو

بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ لەگەرمیان لە بەرواری ١٧ ئازار درا، بەڵام لە شارەکانی دیکەی هەرێم سێ ڕۆژ پێشتر بڕیارەکەیان تێدا چوە بواری جێبەجێکردنەوە، بڕیارەکە داخستنی چەند شوێنێکی نەگرتەوە کە پێداویستی هاوڵاتیانی لێوە بەدەست دەهات، بەڵام پێشوەخت ڕونکردنەوە بەهاوڵاتیان نەدەدرا.

بەمەش بڕیارەکانی تایبەت بە قەدەغەی هاتوچۆ و داخستنی مارکێتەکان و داخستنی مەرزەکان شڵەژانی لەنێو هاوڵاتیان دروستکرد، بەشێوەیەک لە سەرەتای ڕێکارەکان کە باس لەداخستنی مەرزەکان کرا، بەلێشاو شۆفێران ڕویان لە بەنزینخانەکان کرد.

هاوکات لە قۆناغی دوەمی قەدەغەی هاتوچۆ دا، لە شەوی ٣ی نیسان بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆی تەواوەتی درا بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێر لە تەواوی کوردستان، بۆ ئەوانەشی کە مۆڵەتی هاتوچۆیان بو لە کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆی ڕۆژی ٤ی نیسانەوە بڕیارەکە چوە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام لە کاتی دەرچونیدا دوبارە شڵەژانێکی زۆر لەلایەن هاوڵاتیانەوە

بینرا و بەلێشاو رویان لە مارکێت و سەمونخانە و فرۆشگا و سەوزەفرۆشەکان کرد، کە بە وتەی پسپۆڕان ئەو "فەوزایە" لە هەمو حاڵەتێکی تر ئەگەری بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکەی تێدا بەهێزە.

پسپۆڕێکی کارگێڕی ئەمە وابەستە دەکات بە دو هۆکارەوە.

د.چیا محەمەد، پسپۆڕی کارگێڕی، دەڵێت: هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوشت: یەکەم نەبونی داتا و دوەم زانیاری لەلایەن بەرپرسانەوە.

وتیشی: لەبەر ئەوەی یەکە ئیداریەکان لێرە داتای وردیان لە بەردەست نیە لەسەر پێداویستیەکان و زانیاریشیان لاوازە، بۆیە دەمانبینی دوای ئەوەی شڵەژانەکە دروست دەبو لەناو خەڵک، ئەوکات وەزارەتی ناوخۆ بەنمونە رونکردنەوەی دەدا یان بازرگانی یان قایمقامیەتەکان قسەیان دەکرد، واتە دوای بڕیارەکە دەیانوت بەنزین هەیە لە کۆگا یان خواردن هەیە و بازرگانی بەردەوام دەبێت.

**دوەم: دانەخستنی مەرزەکان و درەنگ ئاساییکردنەوەی رێکارەکان**

چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەیەکی گشتی رێکارەکانی روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گەرمیان باش دەبین، بەڵام چەندین تێبینیان لەسەر بڕیارەکان هەیە، وەک: بەکراوەی هێشتنەوەی مەرزەکان و کات دیاریکردن کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کارکردن ئاسایی بێت بە رۆژ و بەشەو قەدەغە بێت.

شەماڵ رەئوف، چالاکوان لە قەزای کفری، باس لەوەدەکات لە گەرمیان بە گشتی بڕیارەکان باشبون، بەڵام هەندێک شت دواکەوت وەک داخستنی بەشێک لە مەرزەکان.



دیمەنێک لە مەرزی نیودەوڵەتی پەروێزخان لەکاتی روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا

مەرزی پەروێزخان کە هاوسنوری ئێرانە و ئەو وڵاتەش بە سەختی نەخۆشیەکەی تێدا بڵاوبوەتەوە، بەڵام بازرگانی کردن تێیدا بەردەوام بو، ئەگەرچی تاڕادەیەک سنوردار کرابو.

لە گەرمیان بارودۆخی بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکە لاوازبو، بەڵام تەواوی سێکتەرەکانی سنورەکە وەستێندرابون.

سەیوان محەمەد، چالاکوان، جەختدەکاتەوە دەبوایە زوتر رێکارەکان لە گەرمیان ئاسایی بکرایەنەوە "ئەو بڕیارانە کە گیرانەبەر، بڕیاری باش بون، لەسەرەتاوە بۆ کاتی خۆی هاوڵاتیش پابەندبون پێیەوە، بەڵام دەبوایە زوتر رێکارەکانی ئاساییکردنەوەیان دەستپێبکردایە و ئەوەندە درێژەی نەکێشایە".

**سێیەم: دیاریکردنی کات**

لە بەرواری ١٧ نیسان و دوای مانگێک لە داخستنیان، بازاڕی کەلار کرایەوە، بەڵام بە مەرج و بەوەی لە کاتژمێر ٦ بەیانیەوە بۆکاتژمێر ٦ ئێوارە کراوە بن، ئەم بڕیارە لەلایەن ژوری ئۆپەراسیۆنی قایمقامیەتی قەزای کفریشەوە بەهەمانشێوە بو، بڕیارەکەش لە ١٨ نیسانەوە چوە بواری جێبەجێکردنەوە.

پێشتریش بۆ دوکان و مارکێتەکانی گەڕەکەکان بەهەمانشێوە بەپێی کات بۆیان دیاری کرابو کە دەتوانن کاربکەن.

سەیوان محەمەد، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی، وتی: "ئەم بڕیارە زۆر بێ مانایە، کۆرۆنا شەمشەمەکوێرە نیە لە شەودا بێتە دەرەوە و لە رۆژدا نەبێت".

## 4. هەڵسەنگاندنی ئاستی لیژنەی باڵای روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا لە گەرمیان

**یەکەم: "لیژنەی باڵا سەرکەوتو نەبوە لە گەیاندنی پەیام و ئاگاداری"**

پسپۆڕێکی کارگێڕی تێبینی لەسەر ئەوە هەیە کە لیژنەی باڵای روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا، زۆر سەرکەوتو نەبوە لە گەیاندنی پەیام و ئاگاداری و رونکردنەوەکانی بۆ هاوڵاتیان.

د.چیا محەمەد، پسپۆڕی کارگێڕی، ئەمە دەبەستێتەوە بە لاوازی راگەیاندنی لیژنەی باڵای روبەروبونەوەی کۆرۆنا و دەڵێت: زۆر گرنگ بو لیژنەکە ئاستی راگەیاندنی بەرز بوایە و بەردەوام هۆشیاری و زانیاری بڵاوبکرایەتەوە و پێش بڕیارەکان بکەوتایە بە پێدانی رونکردنەوە، چونکە راگەیاندنی لیژنەکە دەبوە پردی نێوان هاوڵاتی و لیژنەکە.

ئاماژەی بەوەشکرد: هەر ئەوە هۆکاری ئەوە بو کە شڵەژان دروست بێت، هەرچەند بڕیارەکان بەشی زۆریان لە ناوەندەوە دەدرا و ئەوانیش هاوشێوەی پارێزگا و ئیدارەکان لەو روەوە لاواز بون.

**دوەم: شڵەژانی دەزگا حکومیەکان و دروستکردنی قەرەباڵەغی بۆ ڕێگەپێدان**

بەهۆی نەبونی داتا و زانیاری ورد لەسەر کاسبکاران و پیشەوەران و جوتیاران، لە کاتی دەرچونی بڕیارەکانی قەدەغەکردنی هاتوچۆ و ڕێگری کردن لە هاتوچۆی هاوڵاتیان، لە بەردەم چەند دەزگایەک ڕۆژانە کاسبکاران و جوتیاران کۆدەبونەوە بۆ وەرگرتنی فۆرمی ڕێگەپێدان. وەک رادیۆی دەنگ لە راپۆرتەکانی دا روماڵی کردبون، بەگشتی گلەییان لەوەدەکرد کە پێشتر ئامادەکاری بۆ ئەو ڕێکارانە نەکراوە و پێدانی مۆڵەتیشیان بەهۆی قەرەباڵەغییەوە کاتێکی زۆری دەویست.



دیمەنێک لە فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵ بۆ پێدانی فۆرمی ڕێگەپێدان بە جوتیاران




بە وێنە کۆبونەوەی کاسبکاران بۆ پێدانی فۆرمی ڕێگەپێدان

**سێیەم: جیاوازی رۆژەکان لە جێبەجێکردنی رێنماییەکان**

"رێکارەکان زۆر نا رون بون، چەند رۆژێک قەدەغەی هاتوچۆ بو ئێمە لە ماڵەوە بوین، کەچی هاورێکانمان لە گەشت و پیادەرەوی دەشت و بەکۆمەڵ گەڕان بون، نازانم مەبەستیان لە رێکار چیە؟ چۆن دەبێت بڵێیت قەدەغەی هاتوچۆیە و خەڵک بە لێشاو و کۆمەڵ لە دەرەوە بن؟ دڵنیام ئەگەر نەخۆشیەکە هەبوایە کارەسات روی ئەدا بەو رێگریانە". کارزان محەمەد، دانیشتوی ناحییەی رزگاری، وادەڵێت.



بە وێنە قەدەغەی هاتوچۆ لە گەرمیان ٢٥ ئازار

بەهەمان شێوە (شیلان جەلال)، فەرمانبەر، جەختی لەوەکردەوە کە رێکارەکان بە روکەشی باشبون، بەڵام بەگشتی تەنها ٤٨ کاتژمێری قەدەغەی هاتوچۆ کە گشتی بو تۆکمە بوە "ئەتوانین بەو 48 سەعاتە بڵێن کەرەنتینە و قەدەغەی هاتوچۆ، ئەگینا هاتوچۆ لە گەڕەکی ئێمە لە شەهیدانی قەزای کەلار زۆر ئاسایی بو، خەڵک خەریکی سەردان و میوانداری بون و هیچ سیمایەکی کەرەنتینەی پێوەدیارنەبو".



بە وێنە قەدەغەی هاتوچۆ بۆ ماوەی٤٨ کاتژمێر کە رێگە بە مۆڵەت پێدراوەکانیش نەدرا هاتوچۆ بکەن (4ی نیسان)

هەندێک هاوڵاتیش دەڵێن بۆیە ڕێکارەکان لێرە ئاسایی بون، بەوهۆیەی خەڵک ترسی نەبوە و توشبوی نەخۆشیەکە لە ناوچەکەدا نەبوە.

گوڵباخ کەریم، باس لەوەدەکات ئەو زۆر گرنگ نەبوە بەلایەوە خۆی و خێزانی کەرەنتینەی تەواو بن "لێرە نەخۆشیەکە نەبوە چۆن ئەبێت بێ هیچ خۆمان کەرەنتینە بکەین!"

لەبەرامبەردا قایمقامی کەلار، دەڵێت: کە ڕیاردەرچو دەبێت هەمو رۆژێک بەو شێوەیە جێبەجی بکرێت تاوەکو هەڵدەوەشێتەوە، جیاوازیش هەبوبێت بەهۆی مەفەرەزەکانەوە بوە.

شەهاب ئەحمەد، وتیشی: هەمو رۆژەکان ڕێکارەکان وەکخۆی بوە، بەڵام دەکرێت ئەو شوێنە مەفرەزەکانی گۆڕابێت کە هەندێکیان توندتربون لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان یان هەندێکجار کارئاسانیان کردوە بۆ هاوڵاتیان، بەڵام گرنگ ئەوەیە تائێستا ڕێکارەکانمان سەرکەوتو بون.

**چوارەم: بونی سیمای ناشارستانی لە ڕێکارەکان**

لە کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆی رۆژی ٤ نیسان بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ دەرچو لە تەوای کوردستان، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەشی کە مۆڵەتیان هەبو، هەربۆیە یەکە ئیداریەکانی قەزا و ناحیەکان دەستیان دایە دانانی ڕاگر لەسەر شەقامەکانی گەرمیان. ئەوەی جێگەی سەرنج بو لەم روەوە، دانانی بەردی گەورە لەناو شەقامەکانی قەزای کفری بو، کە سیمایەکی ناشرینی بە پرۆسەکە و شەقامەکانیش بەخشی بو.



دیمەنێک لە شەقامێکی قەزای کفری لەکاتی دانانی بەردی گەورە لەبری ڕاگر

هەر ئەوکات لەلایەن چالاکوانان و هاوڵاتیانەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بە زویی وێنەکان بڵاوکرانەوە و بوە جێگەی ڕەخنە و تەنانەت گاڵتەپێکردنیش، لە ئەنجامدا لە بەرواری ٥ نیسان قایمقامیەتی قەزای کفری بڕیاریدا بەردەکان لاببرێت.

**پێنجەم: فشاری هاوڵاتیان و وەڵامی بەرپرسان**

بەهۆی نەبونی دڵنیایی ژیانیان لە لایەن حکومەتەوە، کاسبکاران و پیشەوەرانی بازاڕی کەلار لە ١٦ نیسان گردبونەوە لەبەردەم قایمقامیەتی قەزای کەلار، بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێبدرێت بچنە سەر کارەکانیان و کاسبیان دەستپێبکەنەوە.



دیمەنێک لە گردبونەی کاسبکاران و پیشەوەران لە بەردەم قایمقامیەتی قەزای کەلار، (16ی نیسان)

ڕەوەز عەلی، کاسبکار لە کەلار، دەڵێت: "ئێمە بە ڕۆژانە کار دەکەین، خێزانمان هەیە، پێویستمان بە پارەیە، تا مانگێک توانیمان بمێنینەوە بۆ سەلامەتی خۆمان و هاوشاریانمان، بەڵام حکومەت هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ ئەوەی ئێمە دڵنیابین کە دارایمان سەلامەت دەبێت، بۆیە بڕیارمان دا خۆمان ئەو کارە بکەین و داوای شکاندنی کەرەنتینەکردنمان بکەین".

سەردار سەلام، کاسبکارێکی دیکەی دانیشتوی کەلارە، هەمان رای هەیە و ئاماژەی بەوەکرد: خێزانی وامان هەیە یەک کەسی کار دەکات ئەویش داهاتێکی زۆر کەمی هەیە، بۆیە بە مانەوەمان لەماڵەوە برسێتی دەمانکوژێت نەک پەتا.

لەبەرامبەردا حکومەت بەڵێنی دا کە بە ڕێکارەکاندا بچنەوە و هەوڵی کردنەوەی دوکانەکان بدەن، لە بەرواری 2020/4/18 حکومەت ڕێگەی بە کردنەوەی بازاڕەکان دا بە چەند مەرجێک، کە دیارترینیان ئەوەیە تەنها بە ڕۆژ کراوە بن و هاوکات هەندێک جێگاش وەکو چێشتخانە و چایخانە و خواردنگەکان ناکرێنەوە.

لەکاتی قۆناغەکانی ئاسایکردنەوەی ژیان لەگەرمیان، کات دانرا بۆ کاسبکاران و پیشەوەران، بەشێوەیەک تەنها ڕۆژ و لە ڕۆژیش دا کاتێکی دیارییکراو بۆ پیشەوەران و خاوەن فرۆشگا و دوکان و عیادەکان دانرابون، ئەمەش لە زۆر ڕووەوە ڕەخنەی لێدەگیرا، بەتایبەتی بۆچی هەمو کارەکان لە کاتێکدا کۆدەکرێتەوە؟

محەمەد شێخ وەهاب، ئەندامی لیژنەی باڵای ڕوبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گەرمیان، لەو ڕووەوە دەڵێت: "بڕیاری کات دیاریکردن بڕیاری ئێمە نەبو، بەڵکو بە ناوەندیی لەلایەن حکومەتەوە دەرکرابو".

ئاماژەی بەوەشکرد لە گەرمیان لە مانگی ڕەمەزان دا کارئاسانییان بۆ خاوەن کارەکان کردوە بۆ هەر کاتێک بیانەوێت کاربکەن لەبەر باری ئابوری و ژیانیان.

**شەشەم: گرنگی لامەرکەزیەت لە ڕوبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دا**

زۆرینەی ئەو ڕێکارانەی لەگەرمیان گیرانەبەر، لەلایەن حکومەتی هەرێم و بەتایبەت وەزارەتی ناوخۆوە دەرچون کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی دۆسیەی ڕوبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای پێسپێردرابو، بەمشێوەیەش ڕۆڵی دەسەڵاتە خۆجێییەکان سنوردار بو.

د. پشتیوان حەمەسەعید، پسپۆڕی زانستە سیاسیەکان، بەمشێوەیە تیشک دەخاتە سەر ئەم بابەتە: بەهۆی بڕیاری مەرکەزیەوە نەدەتوانرا بە پێی بارودۆخی ئێرە بڕیار بدرێت، بەڵام پەتاکە وەکخۆی سروشتێکی گشتی سەراپاگیری هەبو و مەترسیەکانی لە هەمو شوێنێک بون، بۆیە لە حاڵەتی تێکچونی دۆخەکە لە ناوچەیەک کاریگەری نێگەتیڤی دەبو لەسەر کۆی ناوچەکانی تریش، لانیکەم لە ڕوی دەرونیەوە.

دەشڵێت: تەنانەت لە بڕیارەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخی گەرمیانیشدا، ئاماژە بە هەندێک لە بڕیارە مەرکەزیەکان دراوە و نەتوانراوە تێبپەڕێنرێن.

لە بارەی دەرئەنجامەکانی نەبونی لامەرکەزیەت لە بڕیارە ئیدارییەکاندا، د. پشتیوان حەمەسەعید، هێمای بەوەکرد: بێگومان بابەتی نەبونی لامەرکەزیەت یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم پەیوەستبونە ناچارییە کە ناتوانرێت بڕیارەکان

گوزارشت بێت لە دۆخ و داواکاری و پێویستیەکانی نێو ئیدارەی گەرمیان، لەبەر ئەوەی لە روی یاساییەوە پابەندت دەکات بە حکومەتی ناوەندەوە.

### حەوتەم: رۆڵی کۆمەڵی مەدەنی

چالاکوانان باس لەوەدەکەن کە هاوشانی حکومەت ئەوانیش رۆڵیان هەبوە لە ماوەی روبەڕوونەوەی کۆرۆنا دا لەگەرمیان، بەڵام وەک دەردەکەوێت، زۆربەی رۆڵگێڕانەکە لە بواری کاری خێرخوازیی دا بوە، نەک بەشداریی و راوێژ لە بڕیارە فەرمیەکان.

هاوکار محەمەد، چالاکوانی مەدەنی، ئاماژەی بەوەکرد: کاری رێکخراو و گروپ و چالاکوانان زۆر باش بوە، سەرەڕای تێبینی لەسەر ئەو چالاکوانانەی کە "بۆ مەرامی تایبەتی و سیاسی" کاردەکەن.

جەختیشی کردەوە بۆ کۆمەکی خیزانە هەژارەکان یەکە ئیداریەکان هەماهەنگیەکی باشی هەبوە لەگەڵیان و کاری لەسەر پێشنیارەکانیان کردوە.

دوای مەترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆمەڵێک رێکاری خۆپارێزی گیرانەبەر بۆ روبەڕوبونەوەی ئەو ڤایرۆسە، یەکێک لەوانەش داخستنی بازاڕ و شوێنکارەکان بو کە ئەمەش وایکرد کاریگەری لەسەر بژێوی ژیانی هاوڵاتیان دروست بکات بەتایبەت کەمدەرامەتان، بەوهۆیەوە رێکخراو و گروپ و تاکە چالاکەکانی کۆمەڵی مەدەنی، هەڵمەت و پرۆژەی جیاوازیان بۆ هاوکارییکردنی ئەو کەسانەی پێویستیان بە هاوکارییە، رێکخست.

سەیوان محەمەد، چالاکی مەدەنی لە ناحیەی پێباز، هێمای بەوەکرد ئەو خۆراک و شمەک و پارەیەی لەلایەن خێرخوازانەوە بەدەستیان دەگەیشت، خۆبەخشان و چالاکوانان بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەژاراندا دابەشیان دەکرد، وەکخۆی وتی: "کۆڵان بەکۆڵان بەدوایماڵەهەژارەکاندا دەگەڕاین بۆ ئەوەی کەس بێ بەش نەبێت و تۆزێک لەئەرکی سەرشانی کەسانی کەمدەرامەت سوک بکەین".

بە پێی ئامارەکانی ئیدارەی گەرمیان ناوی (8000) هەزار خێزانی کەمدەرامەت تۆمار کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەت هاوکاری نەکردون.

بەدەر لە بابەتی خێرخوازی، چالاکوانان باس لەوەدەکەن هەندێکجار گوێ لە تێبینیەکانیان گیراوە.

شەماڵ رەوف، چالاکی مەدەنی لە کفری، وتی" تێبینیمان هەبو لەسەر کۆمەڵێک بابەت، بۆ نمونە: ئێمە لە کفری چەند رێگایەکی خاکیمان هەیە واتە خۆڵن و خەڵک بە ئاسانی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە دەتوانن پێیدا بێنە سنورەکە، تێبینیمان دا بەلایەنی پەیوەندیدار و وەڵامیش دراینەوە بەوەی کاریان لەسەرکردوە، کە ئەمە گرنگە حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی هاوکاربن".

## 5. چۆنیەتی ئیدارەدانی قەدەغەی هاتوچۆ

### یەکەم: کەلار

قایمقامی قەزای کەلار باس لەوەدەکات بۆ بڕیارە ئیداریەکانیان پشتیان بە رێنمای و بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی و لیژنەی باڵای روبەروبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە حکومەتی هەرێم بەستوە.

شەهاب ئەحمەد، وتی: "هەر سەرەتا دەستمان کرد بە داخستنی ئەو شوێنانەی کە دەبونە هۆی قەرەباڵەغی دروستکردن و دواتریش قەدەغەکردنی هاتوچۆ کە ئەمە تاڕادەیەک قورستر بو بۆ هاوڵاتیان، لەگەڵ ئەوەشدا هاوڵاتیان و کاسبکاران پابەندیی باشیان هەبو بۆ بڕیارەکان.

هاوکات لەبارەی سەرپێچیەکانیشەوە ئاماژەی بەوەکرد: قەبارەی سەرپێچیەکان زۆر نەبوە.

لەگەڵ ئەوەشدا قایمقامی قەزای کەلار باسی لەدەستگیرکردنی ئەو کەسانە کرد کە بەبێ هۆ لە ماڵەکانیان دەچنە دەرەوە "لەدوای بەرواری ٢٥ مانگەوە هەر هاوڵاتیەک بێئیش هاتبێتە دەرەوە و قەرەباڵەغی دروستکردبێت، دەستگیرکراوە و بۆ چەند کاتژمێرێک راگیراوە".

لەماوەی چەند رۆژێکی قەدەغەی هاتوچۆ بەتایبەت لە دوای ٢٢ ئازارەوە کە بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ درا لە تەواوی کوردستان، لە کەلار بە بانگەواز لە رێگەی بڵندگووە هێزە ئەمنیەکان داوایان لە خەڵک دەکرد کەسێک پێوست نەبێت لە ماڵ نەیەتە دەرەوە.

لە ناوەندی قەزای کەلار ٥٥٠ بۆ ٦٠٠ کارمەند لە هێزەکانی ناوخۆ لە ٣٣ خاڵی پشکنین و گەڕۆک پێکهێنران بۆ جێبەجێکردنی قەدەغەی هاتوچۆ.

لەبارەی پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی کەلارەوە، شەهاب ئەحمەد، ئاماژەی بەوەکرد: رۆژانە هێز ئەمنیەکان رێنمای تایبەتیان پێدەدرا لەلایەن بەرپرسی ئەمنی تایبەت کە دیاریکرابو بۆ ئەوەی بزانن چۆن هەڵسوکەت لەگەڵ خەڵک دەکەن و چۆن لە بارودۆخیان تێدەگەن، لەگەڵ پێدانی رێنمای تەندروستی.

قایمقمای قەزای کەلار هێمای بەوەشکرد کە خێرخوازان رۆڵێکی بەرچاویان هەبوە لە دابینکردنی پێداویستیەکان و هاوکاریکردنی کەسانی کەمدەرامەت.

**دوەم: کفری**

قائیمقامی کفری دەڵێت: بەهۆی ئەوەی چەند بازگەیەکی هاوسنور هەبو لەنێوان قەزاکە و شارەکانی دیکەی عێراق، ئەرکمانی قورس کردبو، بەڵام نەمانهێشتوە بەبێ پابەندبون بە رێکارە تەندروستییەکانەوە کەس بێتە قەزاکەوە.

جەلال شێخ نوری، قایمقامی قەزای کفری وتی: "بۆ هەر بڕیاریکی ئیداری کە دەرکراوە پشتمان بە بەیان و رێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ بەستوە بۆ جێبەجێکردنی و ئیدارەی گەرمیانیش پابەندبو پێوەی کە لە بەرژەوەندی گشتی بو، بە بەردەوامیش لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە کۆبونەوەدا بوین بە تایبەت هێزە ئەمنیەکان، چونکە زۆرترین ئەرک لەلای ئەوان بو."

باسی لەوەشکرد: بە لیژنە چاودێری دۆخەکەمان دەکرد بە بەردەوامی لە بونی هەر سەرپێچییەک کە دەکرا، ئەویش بە هاوکاری هێزە ئەمنیەکان، بەتایبەت لە قەدەغەی هاتوچۆ و کەرەنتینەکردنی هاوڵاتیان.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: گوشارێکی زۆرمان لەسەر بو لە بازگەکان بەتایبەت ئەوانەی کە هاوبەشیمان هەبو لەگەڵ خواروی عێراق، چونکە هاوڵاتی هەبو کە لە ناوچەکانی عێراقەوە بە قاچاخ دەهات، ئەمەش ئەرکی ئێمەی قورستر کردبو، سەرباری ئەوەی کە هەر کەسێک پابەندی رێنماییە تەندروستیەکان نەبوبێت نەمانهێشتوە داخڵی قەزاکە ببێت.

## 6. وەڵامی لیژنەی باڵای روبەڕوبونەی کۆرۆنا لە گەرمیان

**یەکەم: "داخستنی مەرزی پەروێزخان باجەکەی قورستر دەبو لە دانەخستنی"**

لەکاتێکدا لە وڵاتی ئێران دا بە سەختی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوبویەوە، بەڵام ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە مەرزی پەروێزخانی هاوسنور بە ئێران دانەخرا، ئەمەش چەندین رەخنە و پرسیاری دروستکرد، بەتایبەتی کە حکومەت پێداگیریی لە پێیوستی پابەند بون بە خۆپارێزی لە هاوڵاتیان دەکرد، کەچی مەرزی ناوبراو کە ئەگەری گواستنەوەی نەخۆشیەکەی لێوە زیاترە، دانەخستبو.

لە وەڵامی ئەم رەخنە و تێبینییانەدا، هێرش فەیزوڵڵا، ئەندامی لیژنەی باڵای روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئیدارەی گەرمیان، دەڵێت: ئێمە بۆ بەشی زۆری خۆراک و پێداویستی پشت بە وڵاتانی دراوسێ دەبەستین لەنێوانیان دا وڵاتی ئێران، بۆیە ئەگەر بازرگانیشمان بوەستاندایە خەڵک باجێکی قورستری دەدا.

ئەوەشی خستەڕو: "ئەنجامی رێکارەکانمان لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان و مەرزە لاوەکیەکان پێمان دەڵێت کە رێکارە تەندروستیەکان تێیاندا سەرکەوتوبون، چونکە هیچ شۆفێرێک بۆی نەبو بەبێ رێکاری خۆپارێزی داخلی هەرێم بێت، دەرئەنجامیش هیچ کەسێک لەو رێگایەوە توشی ڤایرۆسەکە نەبو لە گەرمیان".

**دوەم: کۆرۆنا داتاو زانیاریەکی زۆر باشی پێداین بۆ داهاتو**

لە رۆژانی قەدەغەی هاتوچۆ بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی رێگەپێدان، بە کۆمەڵ کاسبکار و جوتیار و خاوەن فرۆشگا و سەوزەفرۆش رویان لە دەزگا پەیوەندیدارەکانیان دەکرد، لیژنەی باڵای روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەمانە بە داتایەکی باش دەزانن بۆ داهاتو.

هێرش فەیزوڵڵا، ئەندامی لیژنەی باڵای روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گەرمیان، وتی: ئەم قەیرانەی روبەڕومان بوەوە وایکرد داتایەکی باشمان دەستبکەوێت، چونکە ئێستا داتای ورد لە بەردەستایە لەبارەی جوتیار و کاسبکار و ئۆتۆمبێلی سەوزەفرۆش و مارکێتەکان و ...هتد.

وتیشی: راستە ئێمە بۆ رێگەپێدانەکان توشی بارگرانی بوین، بەڵام ئەمە روداوێکی نوێ بو کە دەتوانرێت وەک ئەزمون سودی لێببینین بۆ داهاتو.

**سێیەم: "داخستنی ناوەندە تەندروستیەکان بڕیاری مەرکەزی بو"**

لە خاڵەکانی پێشودا تیشکخراوەتە سەر ئەو هەڵانەی بەهۆی داخستنی ناوەندە تەندروستیەکان هاتونەتە بون و چەند هاوڵاتیەک ژیانیان کەوتۆتە مەترسیەوە.

هێرش فەیزوڵڵا، لە وەڵامدا دەڵێت: بڕیارەکە مەرکەزی بو، دواتر بە راوێژکردن بەوەی کە خەڵک زەرەرمەند دەبێت و پێویستان بە پزیشک دەبێت، بۆیە وەک ئیدارەی گەرمیان دوای ماوەیەک بڕیاری کردنەوەی نۆرینگە و تاقیگەکانمان دا.

وتیشی: ئاگەداری ئەوەین خەڵک بەهۆی داخستنی ناوەندە تەندروستیەکانەوە روبەڕوی ناخۆشی بونەتەوە.

**چوارەم: شڵەژانی هاوڵاتیان پەیوەستە بە ئەزمونی تاڵی خەڵکی گەرمیانەوە**

"بڕیار دەدرا و رونکردنەوەی پێشوەخت نەدەدرا"، لیژنەی باڵای روبەڕوبونەی کۆرۆنا ئەمە دەخاتە ئەستۆی ئەزمونی تاڵی کوردستان کە هەمیشە قەیران بەرۆکی گرتوە و بەبەردەوامی لە ترس دایە.

رونکردنەوەی وەزارەتەکان و یەکە ئیدارەکان دوای دروستبونی شڵەژانەکان بو نەوەک پێش بڕیارەکان، روەک بەشێک لەو وڵاتانەی پێشوەخت بڕیارەکە و ئەگەرەکانی رون دەکەنەوە و داتا و زانیاری لەسەری دەخەنەڕو.

هێرش فەیزوڵڵا، هێمای بەوەکرد رونکردنەوەیان داوە لەسەر بڕیارەکان، بەڵام ئەمەی رویدا بەتەنها گەرمیان نەبوە و خەڵکی کوردستان بە گشتی ترسێکی لە دڵایە هەمیشە بەهۆی ئەو مێژوەی پێیدا تێپەڕیوە.

**پێنجەم: "بۆ بڕیاری ٤٨ کاتژمێرەکە ئاگادار نەکرابوینەوە"**

ئەو بڕیارەی قەدەغەی تەواوەتی هاتوچۆ بۆ ماوەی 48 کاتژمێر، یەکێک بو لەو بڕیارانەی کە رەخنەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەندامێکی لیژنەی باڵای روبەڕوبونەی ڤایرۆسی کۆرۆناش لە گەرمیان دەڵێت: پێشوەخت لە بڕیارەکە ئاگەدار نەکرابوینەوە.

محەمەد شێخ وەهاب، نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە لیژنەی باڵای روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گەرمیان، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی رونکردنەوەی پێشوەخت لەسەر ئەو بڕیارە نەدرا بۆ ئەوەی هاوڵاتیان

بەرچاو رونیان هەبێت و توشی شڵەژان نەبن؟ وتی: "ئەو بڕیارە مەرکەزی بو، پێشوەخت ئێمە ئاگەدار نەکراینەوە، بۆیە دوای بڕیارەکە راستەوخۆ بەچەند سەعاتێک دوای ئەوە کۆبونەوە و رونکردنەوەمان بڵاوکردەوە".

**شەشەم: "بڕیاری ئاساییکردنەوەی ژیان لە گەرمیان بڕیارێکی چارەنوسسازە"**

بەوتەی ئەندامێکی لیژنەی باڵای روبەڕوبونەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گەرمیان بڕیارە چارەنوسسازەکان دەبێت ناوەند بیدات و ئیدارەی خۆجێی توانای بڕیاری لەو شێوەیەی نیە.

"کردنەوەی: خوێندنگە، زانکۆ و مزگەوت، لەگەڵ کەرتی حکومی پێویستی بە بڕیاری حکومەتی هەرێم هەیە، چونکە ئەو حاڵەتە مەترسیدار و چارەنوسسازە دەبێت لە ئاستێکی باڵاوە بە وردی دیراسە بکرێت و ئیجا بڕیاری لەسەر بدرێت". (هێرش فەیزوڵڵا) وای وت.

لەگەڵ ئەوەشدا جەخت دەکەنەوە گەرمیان دەستپێشخەر بوە لە ئاسایی کردنەوەی ژیان لە پێش هەمو ناوچەکانی دیکەی هەرێم.

محەمەد شێخ وەهاب، هێمای بۆ ئەوەکرد کە هەمو ئەندامەکانی لیژنەکە لە گەرمیان واژۆیان لەسەر ئاساییکردنەوەی ژیان لە گەرمیان کرد و بەرزیانکردەوە بۆ لیژنەی باڵا لە ئەنجومەنی وەزیران و پێش هەمو ناوچەکانی دیکەش ئەوەیان کردوە.

وتیشی: لەبەر ئەوەی مەترسی ڤایرۆسەکە بەردەوامی هەیە بۆیە نەمانتوانیوە هەندێک بڕیار پەلەی تێدابکەین و چاوەڕێی حکومەتی هەرێم بوین.

**حەوتەم: "ئەوەی هاتەپێش پرۆسەیەکی زۆر قورس بو"**

ئەندامانی لیژنەی باڵای روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گەرمیان دەڵێن، ئەمەی هاتە پێشیان زۆر قورس بوە، لەبەر ئەوەی تازەبوە و هیچ ئەزمونێکی پێشوتریان نەبوە لە بارەیەوە.

هێرش فەیزوڵڵا، ئەندامی لیژنەی باڵای روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گەرمیان، لەبارەی ئەوەی بۆ بڕیارەکان پشتیان بەچی بەستوە؟ وتی: "زۆری بڕیارەکان مەرکەزی بون، چونکە پرسەکە مەترسیدار بو و دەبوایە زۆر بە

وریایەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خاڵانەی کە تایبەت بو بەدەسەڵاتی ئیدارەکان زۆر ئاسانکاریمان کرد بۆ هاوڵاتیان".

هاوڵاتیان بەزۆری ئەو پرسیارەیان لەلا گەڵاڵە بوبو کە بۆچی گەرمیان هیچ حاڵەتێکی تێدانیە و رێکارەکانیشی قورس بون؟

هێرش فەیزوڵڵا، لە وەڵامدا تیشکی خستە سەر ئەوەی هەڵکەوتەی گەرمیان جیاواز بوە و هاوسنور بوە لەگەڵ وڵاتی ئێران کە نەخۆشیەکەی بەسەختی تێدا بڵاوبوەتەوە، لەگەڵ خواروی عێراقیش هاوسنورە و بازرگانی نێوانیشیان بەردەوام بوە "ئەگەر رێکارەکان بەوشێوەیە توند نەبونایە، رەنگە نەمانتوانیایە بەمشێوەی ئێستا ڤایرۆسی کۆرۆنا تێپەڕێنین".

## بەشی دووەم: دەرئەنجام و راسپاردە

### یەکەم: دەرئەنجام

1. کارەکانی لیژنەی باڵای روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گەرمیان، بە دیوی جیاوازدا دەخوێنرێتەوە و لایەنی باش و سەرکەوتو، هەروەک خراپ و زیانمەندیشی هەبوە، بەڵام خاڵی جیاکەرەوە رەنگە ئەوەبێت کە رێکارەکان تاڕادەیەک مەترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە و هەروەها مەترسیەکانی کەمکردبویەوە.

2. لیژنەی باڵاکەی گەرمیان، لەوەدا سەرکەوتو بون کە پڕ چالاکی و بڕیار بون، بەڵام سەرکەوتو نەبون لە تەرجەمەکردنی ئەم بڕیارانە بە شێوەیەکی باش بۆ هاوڵاتیان، هەروەها زەمینەخۆشکردن بۆ بڕیارەکانیان. ئەمەش وایکرد جۆرێک لە پشێویی لەلای هاوڵاتیان دروست بێت لە هەندێک بواردا.

3. لیژنەکە دەستکراوە نەبوە بۆ دەرکردنی هەمو بڕیارێک، بەڵکو بەهۆی بونی مەرکەزیەتێکی توند لە سیستەمی ئیدارەدانی هەرێم دا و بەتایبەت لەم قەیرانەدا، هەربۆیە زۆرینەی رەهای رێنمایی و رێکارەکان، لەلایەن حکومەتی هەرێم دەردەچون و ئیدارەی گەرمیان تەنها رۆڵی جێبەجێکاری دەبینی، ئەمەش ئەگەر بۆ هەندێک بوار کارێکی دروست بێت، ئەوا بێگومان بۆ بواری دیکە نادروستە.

4. بەوهۆیەی یەکەمجارە پەتایەکی مەترسیداری تەندوستی رو لە ناوچەکە دەکات، هەربۆیە دەزگا پەوەندیدارەکان خاوەنی هیچ ئەزمون و پاشخانێکی ئەوتۆ نەبون لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵی دا، ئەمەش لە بڕیار و رێکارەکانیاندا رەنگی داوەتەوە.

5. لیژنەکە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بوە لە بەشدارییپێکردنی دەزگاکان و بڕیاردانی دەستەجەمعی، بەتایبەتی لە بەشدارییپێکردنی نوێنەران لەپاڵ دەزگا حکومیەکان لە بڕیارەکان دا.

6. لیژنەکە سەرکەوتو نەبوە لە بەشدارییپێکردنی فیعلی کۆمەڵی مەدەنی لە بڕیارەکانی و هەروەها پشت بەستن بە کۆمەڵی مەدەنی بۆ هاوکارییکردنیان و دروستکردنی رایەڵەی پتەو لەگەڵیاندا بۆ باشتر زاڵبون بەسەر ئالەنگارییەکان. هەروەک کۆمەڵی مەدەنی خۆشیان پەرت و دابەش بون و لە کاتی قەیران و پێشهاتی وادا بە دەستەجەمعی دەرنەکەوتن.

7. حکومەت هیچ ئامادەکاریەکی ئەوتۆی نەکردبو بۆ ئەو کەسانەی کە پێویست بو لە مۆڵەت بەدەر بکرێن، بەتایبەتی ئەوانەی جوتیار و خاوەنکار بون، ئەمەش وایکرد جۆرێک لە فەوزا و قەرەباڵغی دروست بێت، جگە لەوەی ئەو پیشەوەرانە زیانی زۆری مادییان بەرکەوتوە کە کاریگەریی بەسەر ناوچەکەشەوە دەبێت.

8. داخستنی ناوەندە تەندروستیەکان و دروستبونی مەترسی لە سەر تەندروستی هاولاتیان بەهۆی نەبونی هەندێک بەش و بوارەوە، یەکێکە لە هەنگاوە خراپەکان کە بە باشی بەرنامەرێژیی و حسابی بۆ نەکراوە، کە دەبو لەو رەوەوە ئامادەکاریی باشتر بکرایە و پاشانیش بە پەلە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدایە کە نەدرا.

9. بەشی زۆری هاولاتیان باس لەوەدەکەن هێزە ئەمنیەکان بە باشی مامەڵەیان لەگەڵ کردون، لەگەڵ ئەوەشدا چەند پێشێلکاریەک هەبوە کە هێزە ئەمنیەکان بەرامبەر هاولاتیان کردویانە، ئەمەش دەریدەخات هێزەکان بەشی پێویست رانەهێنراون لەوەی لەکاتی حالەتی لەمشێوەیەدا چۆن مامەڵە بکەن. بۆیە پێویستە ئەو هێزانە بە بەردەوامی خول و راهێنانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤیان بۆ ئەنجام بدرێت.

10. مەرزی پەروێزخان کە هاوسنورە لەگەڵ ولاتی ئێران دانەخرا، چالاکوانان دەڵێن دەبوایە دابخرایە، لیژنەی بالای روبەروبونەی کۆرۆناش دەڵێن رێکاری باشمان گرتەبەر لەمەرزەکە نەمانهێشت نەخۆشیەکەی لێبگوازرێتەوە گەرمیان.

11. هەندێک لە بڕیارەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخی شارەکان تائێستاش ناڕونە و حکومەتیش وەلامی پێویستی نیە، بۆ نمونە: بڕیاری قەدەغەی کردنەوەی دوکان و فرۆشگاکان لە شەوان دا.

12. ئاستی لیژنەی بالای روبەروبونەوەی کۆرۆنا لە گەرمیان لە روی گەیاندنی پەیام و بڕیار و رێنماییەکان بە لاواز دەدرێتە قەڵەم، ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە حکومەتی خۆجێی خۆی بڕیارەکانی نەداوە و بەڵکو لە ناوەندەوە دراوە، بەشێکیشی پەیوەندی بە نەبونی ئەزمون و بەرنامەرێژییەوە هەیە.

13. لە روی قەدەغەی هاتوچۆوە، پێوەرەکان رون نین، چونکە جیاوازی کراوە لەنێوان رۆژەکان بەوەی لە جێبەجێکردنی رێنماییەکان هەندێک رۆژ توند بوە و هەندێک رۆژیش ئاسایی بوە.

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

1. ئەم قەیرانە ئەزموونێکی زۆر ئاوارتە و تایبەتە بۆ حوکمڕانی لە کوردستان و بەتایبەتی گەرمیان، بۆیە پێویستە وردەکاریەکانی تۆمار بکرێت و پێداچوونەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لایەنە باش و خراپەکانی هەڵبسەنگێنرێت، بۆ ئەوەی بۆ داهاتو ببێتە نەخشەرێگایەک بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکان.

لەم سۆنگەیەوە دەستپێشخەریی بۆ ئیدارەی گەرمیان دەکەین بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی بەفراوان لەو بارەیەوە، بۆ ئەوەی بۆچونی جیاواز لەوبارەیەوە وەربگیرێت و هەڵسەنگاندێکی گشتی بۆ کارەکان بکرێت.

2. بەپێی ئەم ئەزمونە دەرکەوت کە پێویستە چی زیاترە پەرە بە لامەرکەزیەت بدرێت و دەسەڵاتە خۆجێیەکان خاوەنی بڕیاری تەواوەتی بن، چونکە گەڕانەوەی هەمو جار بۆ ناوەند، جگە لە ڕۆتین و خاوەخاویی، هاوکات واشدەکات بڕیارەکان تایبەتمەندیی ناوچەکان لەبەرچاو نەگرن و گونجاو نەبن.

3. پێویستە حکومەتی خۆجێی پەرە بە بەشداریی کۆمەڵی مەدەنی لە بڕیارەکاندا بدات، ڕاوبۆچونیان بەهەند وەربگرێت و ڕاوێژیان پێبکات، بۆ ئەوەی ڕادەی دروستی بڕیارەکانی زیاتر بن. هەروەک کۆمەڵی مەدەنیش پێویستیان بە خۆ ڕێکخستنەوە و دروستکردنی ڕایەڵە و سەکۆ و فیدراسیۆن هەیە.

4. پێویستە حکومەت لە بڕیارەکانی دا وردتر بێت، بۆ ئەمەش تێبینی و ڕاوێژی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا وەربگرێت، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان و بەهێزترکردنی خاڵە بەهێزەکان.

5. ئەم قەیرانە دەریخست کە حکومەت قەیرانی داتا و زانیاریی دروستی هەیە، ئەمەش پێویست دەکاتە سەر هەمو دەزگاکانی سنورەکە و بەتایبەتی دەزگا پەیوەندیدارەکان بە داتا و زانیارییەوە، ڕوپێویی گشتیی ئەنجام بدەن و زانیاریی بە شێوازی ورد و دروست کۆبکەنەوە و هاوکات ئەپدەیتی داتا کۆنەکانیان بکەنەوە بەشێوەیەکی خولیی.

6. حکومەت دەبێت هانی کەرتی تایبەت بدات بە بەهێزکردنی ژێرخانی سنورەکە، بەتایبەتی لە روی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانەوە، بۆنمونە: دروستکردنی کۆگای خواردەمەنی گەورە و هەروەها کۆگای سوتەمەنی و هاوشێوەکانیان، بۆ ئەوەی لەکاتێکدا قەیرانێکی وا دروست دەبێت و ئەگەر کار بگاتە داخستنی سنورەکان، ناوچەکە لەو ڕووەوە ڕوبەڕوی کێشەی گەورە و قەیران نەبێتەوە.

7. پێویستە ڕاهێنانی تایبەت بۆ ئەو هێزانە بکرێتەوە کە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هاوڵاتیاندا هەیە، بەتایبەتی هێزە ئەمنیەکان، ڕاهێنانەکان لەبواری شێوازی مامەڵەکردن و هەروەها ڕەچاوکردنی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ بێت، بۆ ئەوەی هیچ پێشێلکارییەک لەو ڕووەوە بەرامبەر بە هاوڵاتیان ڕونەدات.

8. حکومەت گرنگیی زیاتر بە پلانی میدیایی بدات، بەو واتایەی پێش ئەوەی بڕیارەکان بە پەلە دەربکرێن، زەمینەسازیی میدیایی بکرێت و خەڵکییان لەبارەوە هۆشیار بکرێنەوە، بۆ ئەوەی بە رونی پەیام و بڕیارەکانیان پێبگات.

9. وەکچۆن پێکهێنانی لیژنەی باڵای بەرەنگاربونەوەی کۆرۆنا گرنگ بو، ئاواش پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند بۆ چاودێریی و هەڵەسنگاندن و پشکنین گرنگە، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چ ئاست و رادەیەک بڕیار و رێکارەکان جێبەجێ دەکرێن و بەزویی کەموکورتیی و هەڵەکانیش دەستنیشان بکرێن.

10. بونی سیستەمی ئەلیکترۆنی کارئاسانیەکی سەردەمیە و گرنگیەکی زۆری هەیە، بۆنمونە لە کاتی رێگەپێدانەکان و هاتوچۆی ئۆتۆمبێل دەتوانرا زۆر بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، دەکرێت سیستەمی ئەلیکترۆنی بخرێتە بەرنامە و پلانی کارەوە و داوای ئەزمونکردنی بکرێت.

## بەشی سێیەم: ناساندن

### 1. ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

* بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەڕوی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 2. ناساندنی ڕادیۆی دەنگ

ڕادیۆی دەنگ، یەکەمین ڕادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم ڕادیۆیە، لەلایەن هەردو ڕۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی ڕۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەڕێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

ڕادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی ڕادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا ڕۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

ڕادیۆکە، ڕادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، ڕۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد،

بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەرییەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 3. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەرینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی
2. زریان محەمەد
3. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com yakaychawderigarmyan@gmail.com

Radiodang.org